# گەیشتن بەلێواری فەنتازیا وگەڕانەوە بۆکەتوار( ⋆)

## "خوێندنەوەیەك بۆ رۆمانی سیسەمی خوێناوی "

ناوی کتێب : سیسەمی خوێناوی

ژانر: رۆمان

نووسەر : جەبار عوسمان

ساڵی چاپ : 2017سلێمانی

ژمارەی لاپەڕە : 390

ڕانانی : ڕێباز محەمەد جەزا

---

**سەرەتا:**

رۆمان ژانرێکی گرنگی ئەدەبی مۆدێرنە ، بەردەوام لەهەڵکشان و ملانێدایە لەگەڵ ژانرەکانی تری ئەدەبی هاوچەرخدا . هەروەکو چۆن بارت دەڵێت : " ئەدەب کەتواریە واتە درەوشاوەی ئەو کەتواریە کە بەرێگای خۆی مامەڵە لەگەڵ مەعیفەدا دەکات ". ئەمەش وادەکات ئەرکی رۆمان نووسی ئەم ئیپۆك(⋆⋆)ە قورستر دەکات ، بەپێی ئەو هەل و مەرج و بارودۆخەی کەژیانی مرۆڤەکانی پێدا تێپەڕدەبن . هەرلەبەر ئەوە ئەرك و رۆڵی رۆمان نووسی نوێ گۆڕاوەو بارگرانی بۆدروست بووە .چونکە پیشاندانی روخساری لۆژیکی لە خوێندنەوەی رۆماندا وەکو بلانشۆ دەڵێت : " بەدوادا چوون و ژیان نەبێت لەساتی وەلأمدانەوەدا، ئەوا بە چێژیش نابێت ". هەڵبەتە رۆمانی "سیسەمی خوێناوی " نووسەری بەڕێز "کاك جەبار عوسمان " دەچێتە خانەی ئەو نووسینانەی کەبەدواداچوون و وردەکاریی زۆر لەخۆدەگرێت و لەیادەوەریماندا بەزیندوویی خۆی دەهێڵێتەوە و چەشنی تۆمارێکی مێژوویی یا خود وەکو تۆمارێکی ڤیدیۆیی ، ئەم ڕانانەی بەندەش لەم کاتەدا رۆڵی یەکالأکردنەوەی بەرهەمەکە دەبینێتەوە بەبێ ئەوەی خۆی بدات لەقەرەی ڕەخنەو هیچی میتۆدێکی ڕەخنەیی ، چونکە لەبنەمادا ئەم نووسینە ڕانانە نەك ڕەخنە .

بەگشتی بۆ خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە ، ئەم هێڵکاریە پێشکەش دەکەم بۆئەوەی وەك بەرچاو ڕوونی بۆخوێنەر وەکو نەخشە ڕێگایەك سوودی لێببینێت کەبەم جۆرەیە :

نوێکردنەوەی کەسایەتی | زیندووکردنەوەی زنجیرەیی ڕووداو | گەمەی گێڕانەوەو زمان

بەشی یەکەم : لەسەر ئاستی نوێکردنەوەی کەسایەتی :

یەکێك لەسیفەتەکانی رۆماننووسی مێژوویی ئەوەیە کە کارەکتەری مێژووی وەردەگرن و دووبارە دروستی دەکەنەوەو فۆرمێکی ئەدەبی و بەرزی دەکەن بەبەرداو لەنوێ بینادەکەنەوەو واتە کردەی دووبارە دروستکردنەوەی کەسێتی ئەنجام دەدەن ، ئەم کردارە لە رۆمانی سیسەمی خوێناویدا ئەنجام دراوە بەلاَم بەبەرگێکی "کەتوار- واقع" ی نەك مێژوویی بەحوکمی ئەوەی ئەم رۆمانە چیرۆکی سەرەکی و ناوی کەسەکان مێژووی نین بەئەندازەی ئەوەی واقعین و نووسەر پەنای بردووەتە بەر یادەوەریی و خەیاڵی خۆی واتە رۆڵی خەیاڵ لەم رۆمانەدا تەنهاو تەنها موڵکی نووسەر جەبار عوسمانە ، نەك  مێژوو بەلاَم گومانتیانیە کە زۆرێك لەڕوداوەکان مێژوویەکی دیارو ئاشکرایان هەیە و گەمەیەکی نزیك لە فەنتازیایان لەگەڵدا کراوە کەمن لێرەدا ئەم پرۆسەیە ناودەنێم بە " نوێکردنەوەی کەسایەتی " بۆنمونە : لەرۆمانی سیسەمی خوێناوی نووسەر جەبار عوسماندا کەسایەتی"شەونم " کەگەورە قوربانیەکی ناو رۆمانەکەیە لە مێژووی ساڵی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە هاتووەتەناو ڕووداوەکان و دواتر تێکەڵی دنیای تاراودەیەك نزیك لەئێمە دەبێتەوەو ئەوەمان بۆدەگێڕێتەوە کە ئەگەر مێژووی ژیانی مرۆڤانی ئەم هەرێمە بخوێنینەوە چەندە هادۆز و بابەتی لەم جۆرە کەیسانە لە خودەگریێت ، بەدیوێکی تریشدا جەنگی ناو خۆی پارتەکانی باشووری کوردستان ، دیسانەوە لەم رۆمانە دا وەکو سەرەتای کێشەکان بەدیار دەکەون و یان رۆژانی خۆپیشانانەکانی حەڤدەی دووی ساڵی دووهەزارو چواردەی شاری سلێمانی و دەوروبەری و رۆژانی دواتری و چەندتن رووداوی تر کە ئەمەش وادەکات بڵێین مێژوو دەبێتە هەوێنی دروستکردنەوەی کەسێتیەکان لە نوێ و رۆمانەکەش بەهەمان ئەرك هەڵدەسێت و بەشێوەی ئەدەب دەیپارێزێت و بە ئاوێزانکردنی لەگەڵ کێشەی مێینەو مێباوەڕی وداکۆکیکار لە دۆخی ژنان خۆی بەدیاردەخات بەلاَم ئەوەی وادەکات لەسەر ئەم ئاستە نەتوانم ناوی بنێم رۆمانی مێژوویی ئەو مراوغە زمانەوانی و فیکری و تەکنیکیەیە کەنووسەر کاری پێکردووەو وادەکات چەند جارێك پچینە سنوری فەنتازیاو خەیاڵمان تێکەڵ دەکات بەو دنیائافرێ،دراوەی نووسەر و پاشان دەمانگەڕێنێتەوە بۆدنیای واقع و لەلێواری فەنتازیو ژان و زێی ڕووداوەکانمان بۆدەگێڕێتەوە.



**بەشی دووەم : لەسەر ئاستی زنجیرەی ڕووداو:**

زنجیرەی ڕووداوەکان ، لەمندالیەوە بۆ دلداری کۆلانەکان و بیرخستنەوەی پەیوەندییە خۆشەویستیەکانی ئەو سەردەمە کە ڕەنگە زۆرێك لەم نەوەیەی ئەم ڕۆ نەزانن چۆن بووە یان نەتوانن ئەوە بێننە پێش چاویان کە چۆن لەودۆخەدا ئەنجام دەدران کە جۆڕك بوون لە جەربەزەیی و چاو قایمی ، ئەمە جگەلەوەی نووسەر وێنەی  دووسەردەمی جیاوازمان لەدووسەدەی جیاوازدا بۆ دەکێشیت وەکو سالی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو سەدەی بیست  وەکو جەنگی نێوان دووپارتی سەربازی و نیمچە ڕامیاری و کاریگەریان لەسەر ژینگەو ژیان و ژیاری ئەو قۆناغەی مرۆڤی کورد دواتر لەگەڵ چاخی نوێ و سەدەی نوێ، سەدەی  بیست و یەك و خۆپیشان دانەکانی حەڤدەی شوبات و چەندین ڕووداوی گرنگ کە بە بڕوای من ئەرکی ڕۆمان نووسە ئەو مێژووەمان بۆتۆماربکات لە فۆرماتێکی ئەدبی و بەرزدا کەشایانی خوێندنەوەی مرۆڤانی ئێمە بێت .

لێرەبەدواوە ئیتر ئێمەش وەکو خوێنەر دەبینە شەریکی گێڕانەوەکان و لەرووداوی مێژووییەوە دەمان گوازنەوە بۆ ڕوداوی ئەدەبی و لێرەدا ڕۆڵی مێژوو دەبێتە ماتریاڵ و هەوێنی دروستکردنی زنجیرەی ڕووداوەکان نەك مێژوویەکی پوخت و ڕەوانمان بۆ بەیان بکات واتە قۆناغە مێژووییەکان هەم ڕووداوو زنجیرەی ڕووداو لە خۆ دەگرن و هەم باسی گرفتی دوونەوەشمان بۆدەکات کە لەدووسەردەمی جیاوازدا چۆن مامەڵیان لەگەڵ مرۆڤ بەگشتی و ڕەگەزی مێینە بەتایبەتی کردووە و نووسەر دێت و دەیبات بەرەو ئاراستەیەکی تر و پێشبینیەکانمان بە جۆرێك قلپ دەکاتەوە کە وونمان دەکات لە ڕووداوێکی تردا .



## بەشی  سیهەم : گەمەی گێڕانەووە زمان :

فەنتازیا نووسین هێزی ئەوەی هەیە چۆنی بوێت و چی بوێت لە هەرکات و شوێن و سەردەمێکدا ، دەتوانێت دروستی بکات و بە پێچەوانەشەوە دەتوانێت بەنادیاری و نەزانراوی بیهێڵێتەوە ، واتاوزەی مرۆیی نووسەر بەرادەیەکە دەتوانێت بەوەها کارێك ڕیسك بەژیانی ئەدەبی خۆی بکات و خۆی تێکەڵی ژیانی ڕەگەزیی ئەی تر " مێینە" بکات و لەرێی رۆمانەوە تۆماری بکات و لێرەدا بەگرنگی دەزانم لەسەر چەند بەشێکی ئەم تەوەرەیە بووەستم بەم جۆرەی خوارەوە :

### گەمەی گێڕانەوە زمان

هەڵبژاردنی :    رووداوە :    خۆکوشتن

دەستەواژەی ئەدەبی و ناوازە    رۆمانسی و ئیرۆتیکیەکان    بەکۆی گشتی ئەم رۆمانە هیچ

لەڕووی بەکارهێنانەکانی ئەم بەشەوە ،    ئەم بەشەش دابەش دەکەم بۆ هەردووتەوەری :    چارەسەرێك پێشکەش ناکات و

بەداخەوە چەندین هەڵەی زمانەوانی و    أ. رۆمانسی ب. شەهوانیەت : کەبڕوای من لە کۆتاییدا    ئەمەش دەربڕی ڕاستی ژیانی

دارشتنی نەگونجاو بەدی دەکرێت لە    هەردوو پەیامەکە بەیەك مانا  دەکەونەوە کە هەموو    مێینەیە لە کوردستان، هەموو

بەرامبەریشدا تەوزیفی هونەریئەدەب    هەوڵەکان سێکسی دەبن دوور لە ژیانی  کۆمەڵایەتی    مێینەکان

ی زۆربەرزیش لەخۆدەگرێت کەجێی لە    وتەندروست . بەگشتی ئەو دۆخەی کەلەرۆمانەکەدایە  دابەش دەکەم بۆسێ جۆر:    سەرقاڵی

سەروەستان بەهەردووبارەکەیدا .    1- رۆمانسیەتی نەریتی و باو – تقلیدی – دۆگم وەکو :" شەوبۆ سورکێو" یان

خۆکوشتن    بۆنمونە :

" نارین و نەهرۆ"    هەریەکە    - ل7دا

هاتووە:" بەدەگمەن ژنان ئازادییە    2- رۆمانسیەتی کەسی : وەکو :" باوکی شەونم ، دایکی پەری ، وزۆرێك لەو    یان بە

کی بەرفراوانیان تیا فەراهەم کردووە"    کەسێتیانەی بێدەنگ و تاریك و ...هتد    جۆرێك و

بە بۆچوونی بەندە دەبوو بەم جۆرە    3- رۆمانسیەتی دەستەجەمعی : کە پڕن لە شەهوەت و خەیاڵی موڵتی سێکسو وێنای

بەهۆکارێك    بێت :" ئازادییان بۆ فەراهەم کراوە

" کۆمەڵگەیەکمان دەداتێ کە ژن و پیاو گیرۆدەی بوون و تارادەی ئالودەبوون پێوەی    کۆتایی بە

یان " ئازادییان بۆدەستەبەر کراوە "    دەتلێنەوە بێ چارەسەریش دەمێننەوە ..    ژیانی خۆیان

یاخود هەردەستەواژەیەکی پەسەندتر    رۆمانسیەت    شەهوات    رووداوی ئەدەبی




لەوبەکارهێنانەی خۆی ..    ئیرۆتیك

- بەڵام لە62دا گۆرانیەکی کەماڵ
محەمەد بەکارهاتووە تەوزیفێکی ئێجگار
جوان وناوازەیە وله لا66یشدا هاتووە یارییەکی
جوان دەکات لەرێگەی گێڕانەوەوە .

یان لە باسکردنی عەشقدا ل129 بابەتەکە زۆر ساکاردەبێتەوە دەچێتە خانەی هەڵەی لۆژیکییەوە بۆنمونە دەڵێت:" تۆبرِوانە خاتوو

مۆڵی .. بزانە عەشق چۆن بەهێمنی و لەبێ ئاگاییمدا هەمووناخمی تەنیەوە ! منی کردە کۆیلەی خۆی .    یان لەکاتی خوێندنەوەی ئەو رۆمانەدا جگلە کەسایتی سورکێو کەسی تر نابینیت نمایندەی خوێنەوارو خوێندنەوەو کتێب بکات ، ئەم بابەتەش قسە زۆر هەڵدەگرێت بەلآم زۆربەکورتی خوێنەوارێکی تەقلیدی و دووبارەی ناو زاکیرە مان نەبێت هیچ ناخاتە سەرباری ئەو گەورەییەی بەوکەسێتیە دراوە بەتایبەتی دواتر کەلە پڕو وەکو مفاجەئەی نووسەر دەبێتە چاك کەرەوەی سەلاجە . بروانەلاپەڕەکانی پێش و پاشی ل135   ئەمەجگەلەوەی هەڵە لەبەکار هێنانی وشەی کاتژمێردا کەکراوە بە کاژێر یەکەمیان مەبەست لێی سەعاتەو دووەمیان دەکاتە کون و کەلەبەر قوژبن و وتاکەشی دیارە کە نووسەر کامیانی دەوێت . یان لە ل 187 دا کەس نازانێت مەبەستی نووسەر وشەی "خۆم بە ئاگرێکەوە دەبینی " بەکاردێنێت من واتێدەگەم مەبەستی "خەو" بێت نەك خۆم .

یان بەداخەوە ئەمیش وەکو هەندێك نووسەری تر بەهەڵە رۆڵ بینین بەکار دەهێنێت کەمن وەکو پیشەکەی خۆم و هەم وەکو کەسێکی بوارەکە ئازارم خوارد لەو بەکارهێنانە بڕوانە ل 201یان بەکارهێنانی وشەی " شوناس" لە ل224 دا کە بەمانای " ناسنامە – هویە" دێت بە هەڵبەکارهاتووە واهەستدەکەم نووسەر بیەوێت بڵێت ناسراو . بەلآم لە ل 267دا زۆرنایاب باسی شاردەکات کە بەبڕوای من تێگەیشتنێکی قوڵ و ئەدەبیانەیە .

ڕستەو دەستەواژە ئەدەبی و هونەرییەکان :

پرماناو ئیستاتیکی

هەڵەی لۆژیکی

## کۆتایی :

لەکۆتاییدا دەمەوێت بڵێم ئەم رۆمانە شیاوی خوێندنەوەو قسەی زیاترە ، دیارە زۆر شت ماون دەربارەی ئەم رۆمانە نەم گوتوون ، وەکو : ڕوونکردنەوەی کارەکتەرو قسەی ورد لەسەر گێڕانەوەو تەکنیکی نوێی رۆمان و هتد.. بەلآم لێرەدا کۆتایی بەم ڕانانە کورت و خێرایە دەهێنم بە ئومێدی بوونی دەرفەتی زیاتر بۆکەسانی تر تابتوانن ئەوەی من پەیم پێنەبردوون ئەوان بتوانن تەواوی بکەن ..

## تێبینی :

٭ کەتوار بەواتای  وا قع بەکارهاتووە .

٭ئیپۆك بەواتای چاخ یان سەردەم .